# کفری و ئومێدی زیاتر بە ماددەی 140

**نووسینی :دانا ڕزگار**

## شاری کفری :

کفری شارە پەراوێز خراوەکەی گەرمیان لەسۆنگەی خزمەتگوازی و پێشکەش کردنی پرۆژەو ... تاد ، هەر لەکۆنەوە ڕێگای هەرەگرنگی بازرگانەکانی عەرەب و تورك بووەو ئەو بازارەی ناوی (قەیسەری کفری)ە و ئێستا هەر جارەی لایێکی دەڕووخێ ، ئەو کات تەنانەت جێی ئەو خەڵکە زۆرەی کە بازرگانیان تیایدا دەکرد نەدەبووەوە ناچار دەچوونە سەربانی دوکانەکان مامەڵەیان دەکرد بەڵام ئێستا بووە بەجێی مامەڵەی جنۆکەکان و بەئاسەواریش ناژمێردرێت، هەر کەسێکیش بچێتە ناوی بۆ دووەمجار ناچێتە ناوی چونکە هەمووی تۆزاوی و هەندێ شوێنیشی ئەوەندە بۆنی پیسە کەس حەز ناکات هاتوچۆی تیا بکات، چەند مانگێك پێش ئێستا جێگری سەرۆکی حکومەت بەڕێز عومەر فەتاح کە ئەو کات سەرۆك وەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو چەند سەردانێکی کفری کرد، لە سەردانێکیدا گفتی بەخەڵکی دا کە لە ئەولەوییەتی ئەمساڵیدا پرۆژەیێکی زۆر پێشکەش بکات، لەوانەش دروستکردنی بەنداوێکی ئاو و نۆژەن کردنەوەی قەیسەری کفری بەڵام بەداخەوە وا خەریکە ساڵ تەواو دەبێت و هیچیان ئەنجام نەدرا، ئاخر نازانم بۆ؟! وە شاری کفری هەندێجار شارۆچکەشی پێدەوترێت ئەگەر گوندیشی پێبووترێت کفری هەر لەکۆنەوە شار بووە جا ئەگەر پشتگوێ یان پێشگوێ بخرێت.

## پەیوەندی بەکەرکوکەوە :

زۆر روون و ئاشکرایەو کەس ناتوانێ نکوڵی لەوە بکات کە کفری کەرکوك شاری هاوهەرێم نین، چونکە کفری هەر لەئاسەوارەکانی دیارە برا بچووکی کەرکوکە، ئیتر چۆن دەبێت یەکێکیان لە هەرێمێکدا بێت و یەکێکیشیان سەر بەناوەند بێت؟؟! با چەند کۆمەڵێك شۆڤێنی کە لەباشوری عێراقەوە هاتوون کۆمەڵێکی تریش کە لەناوەڕاست و رۆژهەڵاتی‌ئاسیاوە هاتوون داوای جیابوونەوەی بکەن، پێویستە کورد چاوی لەدەردبەسەریەکانی خۆی بێت کە بەسەریدا هێنراوە لەلایەن ئەو نەتەوانەوە، کورد کە نەتەوەیێکی زۆر کۆنە هەر لەسەرەتاوە گوندی چەرمۆ مەڵکەندی بووەو لەجێی خۆی سەنگینە هێشتا دەوڵەتێکی سەربەخۆی تەمەن درێژی بەخۆیەوە نەدیوە، جا وەرە نۆرەی ئەوانی ترە، تا پێش رووخانی رژێم بەسمبۆلێکی بچووکیش بوونیان نەبوو، بەڵام سەکردەکانی کورد دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکردن بۆ ئەوەی دۆستایەتیمان هەبێت، بەڵام لەبەر چاوچنۆکی خۆیان کردووە بەدوژمنمان و بەردەوام لەگەڵ پیاوە (گێل)ەکەدا کە جاران نەخۆش بوو خەریکی تەڵەکەبازی و گەڕانن بەدوای هەلێکدا بۆ ئەوەی دەستبگرن بەسەر موسڵ و کەرکوك و بەرەو خواروەتر واتا خورماتوو و کفری و خانەقین تا سنووری ئێران یان بەشێوەیەکی رووتر بڵێین دەست بگرن بەسەر ولایەتی موسڵدا، ئەمە بیرسایەکی کۆنی سەقەتە تورکەکان هەر لەکۆنەوە ئاواتەخوازی ئەوە بوونە کەچی هەر نەهاتۆتە دی و نایەتە دی چونکە ئەو کاتەی ئەم بەشەی کوردستانیان لەدەست داوە وا دەزانن بەشێك لە وڵاتەکەیان لەلایەن بەریتانیاوە بەزۆرە ملێ خراوەتە سەر ئێراق، خۆ ئەوان خەمی پیاوانی خۆیانیان نییە کە کرێ گرتوویانن بەڵکو بەو ناوەی هەرێمێکیان بۆ دابنێن و فەرمانڕەواییان فراوانبکەن، ئەو کاتەش هەواڵگرییەکانیان بەئاشکرا کار بکەن (کوجا مەرحەبا) ئێرانی برادەری بەرژەوەندخوازیشی لەکۆنەوە لەکوردستاندا دایانکوتاوە"ڕەنگە ئەمە دەستی هەندێ حیزبی کوردستانی باشوری تێدابێت!"

دەزگای ئیتلاعاتی ئێرانی لەسلێمانی و کەلار هەندێکیان لێدەستگیرکرا، بێگومان هی میتی تورکی لەکەرکوك دایانکوتاوە"ڕەنگە عێراقیش بن" ئەم دەزگایە خۆی خزاندۆتە ناو زۆربەی کاروباری کوردستانەوە بەتایبەتی چاوبڕینە بەر نەوتە نەعلەتیەکەی کەرکوك.

وڵاتی تورکیا کە دەیەوێت هەر چۆنێك بێت خۆی بگەیێنێتە ئاست ئەمریکاو وڵاتە قەپ گەورەکان، هەموو بیانوییێك دێنێتەوە بۆ ئەوەی کوردستان داگیربکات! بەڵام بوونەتە دوو کوتلەوە یەکێکیان حکومی ئەوی دیکەش سەربازی، ئەمەش کاتێکی زۆر بۆ کورد دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی خۆی بەهێز بکات، چونکە نەتەوەپەرستە تورکەکان هەمیشە شەڕەنگێزن و زۆربەشیان لەریزی سوپادان.

کەرکوك کە بووەتە قەڵای ملمڵانێ و زەوییو زەوییکاری ئەم سەردەمە، هەموو کاتێ زیانی خراپی گەیاندووە بە دانیشتووانی، شۆڤێنیستەکان هەر خەریکی تێکدانی باری ئاسایشی شارەکەن، ئەوانەش ئاشکران کە کۆنە بەعسین داوای گەڕانەوەی سەگەسەدام دەکەن و خەون بە رابردوویانەوە دەبینن کاتێك خەڵکیان دەچەوسانەوە، ئەگەر ئەو خەڵکانەی کە دەچەوسێنرانەوە بچن مافی خۆیانیان لێبسێنن ئیتر ناتوانن دەنگ بکەن"بەڵام ئەمە لەکرداری کورددا نییە!" کورد هەمیشە برایەتی و پێکەوەژیانی ویستووەو لەشاخدا نیو سەدەیە خەبات دەکات و شەهید دەدات و تووشی راگواستن و بەعەرەبکردن و بەتورککردن دێت و تووشی زیندەبەچاڵ و خنکاندنی بەکۆمەڵ دێت "دەبێت بەشێوەیەکی نێودەوڵەتی دانپێدا بنرێت کە نەتەوەی کورد جینۆسایدی بەسەردا هاتووە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت گشت لایەك پشتگیری لەکەمپینەکەی ناوەندی چاك بکات و سەر بخرێت"

لە باشوری کوردستاندا پێویستە بۆ بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری چەندین چاڵی نەوتی لێبدرێت، ئەمەش دەبێتەهۆی ئەوەی کە بڕوا بکرێت کە گەڕانەوەی کەرکوك لەبەر نەوتەکەی نییە بەڵکو خۆی بەشێکە لەکوردستان.

خەڵکانێکیش دەیانەوێ هەرێمێکی سەربەخۆیان هەبێت لە یەك پارێزگادا، باسی زۆری ژمارەییان دەکەن بە نزیکەی دوو ملیۆن و زیاتر کەچی لەهەڵبژاردنەکانی عێراقدا دەنگیان نزیکەی 80 هەزارێك ئەبێ و باسی ئەوە دەکەن کە شەهیدێکی زۆریان داوە لەپێناوی کەرکوك و سەنگەریان گرتووەو شەڕیان کردووە (کێ کردی و کێ خواردی).

بە ئومێدی ئەوەین کە لیژنەی ماددەی 140 لە کارەکانیاندا دەسپێخەری بکەن و با چیتر بابەتی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەر کوردستان دوا نەخرێت وەکچۆن دوا دەخرا بۆ کاتێکی تر، ماوەتەوە بڵێم کە ئەگەر کەرکوك خرایە سەر ئێراق با ئەو کەسانەی پێیان خۆشە بێن کفری برا بچووك و کۆیەی خوشکیش بخەنە سەر ئێراقی دۆزەخ.